# کۆنفرانسێک ده رباره ی گه شه کردنی کوردایه تی

کـورد گه وره ترین گروپی ئه تنیه له جیهاندا که پتر له ۳۰ سی ملیۆنن و تاکو ئێستاش خاوه نی ده وڵه تی سه ربه خۆی خۆیان نین و گه وره ترین غه دری مێژوویی یان لێکرا له دوای کۆتایی شه ڕی جیهانی یه که م کاتێ که هاوپه یمانه کان و ده وڵه ته زلهێزه کان کوردستانیان دژ به ئیراده و بێپرسکردن به خه ڵکه که ی،دابه شکرد به سه ر ده وڵه تانی تازه دروستبوو که ناوی تورکیا، ئێران، سوریا و عێراقیان لێنرا.
پاش تێپه ڕبوونی هه شتا ساڵ نه ته وه ی کورد سه لماندیان که به هیچ جۆرێک ده ستبه رداری ناسنامه ی نه ته وه یی خۆیان نابن ملکه چ نابن بۆ ڕژێمه چه وسێنه ره کانیان که به هه موو هێز و تواناکانیانه وه هه وڵی تواندنه وه و له ناوبردنی کوردیان داوه.
به هۆی ئه م هه ڵوێستی خۆڕاگری و خۆ به ده سته وه نه دان و ملکه چ نه کردنه وه تووشی هێرشی کیمیاوی، به کۆمه ڵ کوشتن و ئه نفال کردن،ته ختکردن و وێرانکردنی شار و گونده کانیان و سووتاندنی کێڵگه کانیان، ڕاگواستن و دوورخستنه وه بوون و سامانی نیشتمانیان دزرا.
هه موو ڕووداوه کانی پێشوو ئه و ڕاستیه ده سه لمێنن که کورد نه ک هه ر مه ترسی دروست ناکات بۆ وولاته دراوسێکانی بگره ده توانێت فاکته رێکی گرنگیش بێت له پرۆسه ی به دیموکراتیزه کردنی ڕۆژهه ڵاتی ناوه ڕاست.
ده زگای[فاونده یشنی] ئه حمه د بۆ توێژینه وه کوردیه کان، کۆنفرانسێک ساز ده کات له ڕۆژانی شه ممه و یه کشه ممه که ڕێکه وتی ۲۰۰۵/۹/۳ و ۲۰۰۵/۹/٤ له ئوتێلی [هۆڵیده ی ئین] له شاری دێدهه م له ویلایه تی ماساچووسس له وولاته یه کگرتووه کانی ئه مریکا ده رباره ی ئه وگۆڕانانه ی به سه ر گه شه کردن و ڕه وتی کوردایه تیدا هاتووه له شه ڕی جیهانی یه که مه وه هه تا ئێستا به دیاریکردن و هه ڵسه نگاندنی ئه و هۆکارانه ی که کاری ڕاسته وخۆیان کردۆته سه ر خه باتی کورد له پێناوی مافه ڕه وا سیاسیه کانیاندا.
نزیکه ی بیست توێژه ر و ئه دیبی به ناوبانگ له ئه وروپا و ئه مریکاوه به بابه تی به پێز و به ڵگه داره وه له سه ر پارچه کانی کوردستان ده دوێن.
له کاتێکدا هاتن بۆ هه موانه و به خۆڕاییه، وه بۆ ئه وه ی کۆنفرانسه که مان سه رکه وتوو و بێکه مو کوڕی بێت، له باره ی ژماره ی کورسی وپێشکه شکردنی برِی خواردنی پێویست بۆ ئاماده بووانی به ڕێز، پێویسته هه موو ئه و به ڕێزانه ی که خوازیاری ئاماده بوونن هه تاکو ۲۰۰۵/۸/۱۵ خۆیان ناونووس بکه ن و ئه م زانیاریانه ی خواره وه مان بۆ بنێرن:

١- ناو :
٢- ناوونیشان:
٣-ژماره ی ته له فون:
٤-پیشه :

بۆ وه رگرتنی زانیاری زیاتر، تکایه په یوه ندی بکه به ده زگای ئه حمه د له:


ژماره ته له فونی: ۰۱۷۸۱۷۸٤٦۹۱۰
ژماره فاکسی : ۰۱۷۸۱۷۸٤٦۹۱۲
e-mail : *mahmed33@aol.com*